# The Role of Artificial Intelligence in Distinguishing Between True and Fake News on Television Channels in Kurdistan Region - Iraq

Gashaw Ali Faraj[1], Ashna Shawkat Hadi[2], Zhala Jameel Hamad[3]
Erbil Polytechnic University, Erbil Technical Management College, Media

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.02*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*Fake news and hoaxes have existed since before the Internet. Fake articles on the Internet that are purposefully created to mislead readers are the commonly recognized definition of fake news. Fake news is posted on social media and in news sources in an effort to draw in more readers or as a tactic in psychological warfare. Making money with click bait is usually the aim. Vibrant headlines or eye-catching images tempt people to click links, hence increasing ad revenue. This tactic is known as click bait. The rapid expansion of digital media and social media platforms has led to a widespread problem of disseminating false information and fake news, endangering the independence of public debate and decision-making procedures. A major technique for identifying and countering fake news has been the development of artificial intelligence (AI) algorithms in response to this challenge. AI algorithms look for indications of disinformation and manipulation in textual and multimedia content using a range of methods, such as natural language processing (NLP), machine learning, deep learning, and network analysis. The main objective of this study is to determine the role of artificial intelligence in distinguishing between true and fake news on television channels in the Kurdistan Region. It is a descriptive study, using a survey method. The tool used to collect data in this study is a survey form that was distributed electronically to the sample of students of the Media Technical Department in the Technical College of Management of Erbil Polytechnic University. According to the results, artificial intelligence can help distinguish between accurate and fake news (60%), however, 38% of respondents think it is useless. The public's confidence in the news is impacted by artificial intelligence by 60%, whilst 56.0% of people think it has no effect and 34.0% think it has some effect. The study's findings demonstrated that, in addition to its potential applications in the media, artificial intelligence also has risks. Specifically, the rise of fake news poses a threat to the media outlets that will eventually replace artificial intelligence.*

***Keywords:*** *Artificial intelligence, Right news, Fake news, TV channels*

# ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا

گەشاو علی فرج- مامۆستای یاریدەدەر- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر- کۆلێژی تەکنیکی کارگێری- بەشی تەکنیکی میدیا
gashaw.faraj@epu.edu.iq
د. ئاشنا شەوکەت هادی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر- کۆلێژی تەکنیکی کارگێری- بەشی تەکنیکی میدیا
ashna.hadi@epu.edu.iq
ژاڵە جمیل حمد- مامۆستای یاریدەدەر- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر- کۆلێژی تەکنیکی کارگێری- بەشی تەکنیکی میدیا
zhalla.jameel@epu.edu.iq

**پوختە:**

لە ئێستادا زیرەکیی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ لە زۆرینەی بوارە زانستی و مرۆڤایەتییەکان دەبینێت، بواری میدیا یەکێکە لەو بوارانە، بەرەوپێشچوونی ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد و بەشداریکردنی لە بواری میدیا بووە بە ڕاستییەک ناتوانین خۆمان لێ بەربوار بکەین، لە ڕووی تەکنیکەوە شەپۆلێک لە داهێنان لەو بوارەدا سەریانهەڵداوە. ئەمەش وایلێکردووە ئەم بوارە خۆی بخزێنێتە کاری بەرهەمهێنانی میدیاییەوە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا، خێراییەکی زیاتر بە بواری ناوبراو دراوە، دانانی کاریگەری لەسەر پیشەسازیی میدیایی، هەرچەندە ناتوانێت دەستی مرۆڤ دووربخرێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا مرۆڤ هەردەم کاریگەریی خۆی بەسەر بابەتەکاندا هەیە، بەڵام دەتوانرێت هەڵەکان لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد ڕاستبکرێنەوە، چەندین داهێنان و گۆڕانکاری بۆ دەرخستنی ڕاست و دروستیی هەواڵە میدیاییەکان بهێنێتە کایەوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:- دیاریکردنی ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا.

گۆڕاوی سەربەخۆی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:- زیرەکیی دەستکرد و هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانیش بریتییە لە گۆڕاوی شوێنکەوتوو.

توێژینەوەیەکی وەسفییە، بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی، ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە: فۆرمی ڕاپرسی کە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە دابەشکراوە، قوتابییانی بەشی تەکنیکی میدیان لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر. ئەنجامی تویژینەوەکە دەریدەخات کە زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ئاشکراکردنی هەواڵی ڕاست لە هەواڵی ناڕاست بە ڕێژەیی (٦٠%)، هاوکات بە ڕێژەی (٣٨%) ڕایان وایە کە یارمەتیدەر نییە. هەروەها کاریگەریی زیرەکیی دەستکرد لەسەر متمانەی جەماوەر بە هەواڵەکان بە ڕێژەی (٦٠%) هاتووە، هاوکات بە ڕێژەی (٥٦،٠%) ڕایان وایە کاریگەری نییە، بە ڕێژەی (٣٤،٠%) تا ڕادەیەک پێیانوایە کاریگەری لەسەر متمانەی جەماوەر دروستکردووە. لەگەڵ بوونی سوودەکانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری میدیا، هاوکات لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت کە زیرەکیی دەستکرد زیانیشی هەیە لە ڕووی زیادبوونی هەواڵی فەیک، دروستکردنی مەترسی لەسەر دەستی کاری میدیایی کە دەبێتە جێگرەوەیان. زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ئاشکراکردنی هەواڵی ڕاست لە هەواڵی ناڕاست بە ڕێژەیی (٦٠%)، هاوکات بە ڕێژەی (٣٨%) ڕایان وایە کە یارمەتیدەر نییە.

**وشە کلیلییەکان**:- زیرەکیی دەستکرد، هەواڵی ڕاست، هەواڵی ناڕاست، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.

# ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا

## پێشەکی:

لەگەڵ پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا و ڕەقە کاڵاکانی تر بۆ پەرەپێدانی زیرەکیی دەسـتکرد پێویسـت بوون، ئامرازە زیرەکەکان و خزمەتگوزارییە زیرەکەکان خرانە بازاڕی کارەوە، لە زۆرێک لە پرۆسـەکانیاندا زیرەکیی دەسـتکردیان بەکارهێنا وەک خزمەتگوزارییە بەناوبانگەکانی وەک: بزوێنەری گەڕان، مانگی دەسـتکرد. لەگەڵ ناسـاندنی مۆبایلە زیرەکەکان و پاشـان ئامێرە زیرەکەکان، زیرەکیی دەسـتکرد هەنگاوێکی زۆری ناوە بۆ تێکەڵ بوون بە ژیانی مرۆڤەکان، لە نێویاندا بواری میدیا و ئامرازەکانی، هەروەها لە سـەرجەم چالاکییە میدیاییەکاندا بە دروسـتکردنی ڕۆبۆت کە توانای ئەنجامدانی سـەرجەم کارە میدیاییەکانی هەیە وەک بێژەر (Journalism Robot)، ڕۆژنـامەنووسـیی خوارزمی (Algorithmic Journalism) فۆتۆگرافەر، وەرگێڕان و هەواڵ و داتا و زانیارییەکـان و گۆڕینیـان بۆ چیرۆکەهەواڵ، کە کارلێکی ڕاستەوخۆ بەجێدەهێڵێت لەسەر وەرگر و دواندنی ڕای گشتی. هاوکات گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە وەرگران بە کەمترین کات، دروسـتکردنی کاریگەری لەسـەریان بە ئاسـانی. ئـامرازەکـانی میـدیـای نێودەوڵەتی و تۆڕەکـانی کۆمەڵایەتی هەنگـاوی گەورەیـان نـاوە لە بەکارهێنانی زیرەکیی دەسـتکرد، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت هێشـتا لە قۆناغی سـەرەتایی و تاقیکردنەوەدان. کە هەمیشـە لە پرسـیاری چەندێتیی سـەرکەوتن و بەدەسـتهێنانی متمانەی جەماوەردان، لە بەکارهێنانی لە پێشخستنی ژووری هەواڵەکان و چەندین کاری دیکەی خەواریزمی لە کاری ڕۆژانەی میدیاییدا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشـی سـەرەکی پێکدێت: بەشـی یەکەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی گشـتیی توێژینەوەکە. ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بریتییە لە: فۆڕمی ڕاپرسـی، هاوکات چەند توێژینەوەیەکی ئەنجامدراوی زانسـتی (توێژینەوەکانی پێشـوو)

خراونەتەڕوو، بەشی دووەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ناسینی چەمک و پێناسی گۆڕاوەکانی کێشەی توێژینەوەکە و کلیلە وشەکان. بەشی سێهەم: لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە تاوتوێکراوە تا گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە لە گرنگترینیان:- زیرەکیی دەستکرد لە توانایدایە هەواڵی ڕاست جیابکاتەوە لە هەواڵی فەیک، بە کەمترین کات دەمانگەیێنێت بە سەرچاوەی ڕەسەنی هەواڵ و زانیارییە ڕاستەکە. زیرەکیی دەستکرد جگە لەوەی سوودی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا زیانی هەیە لە ڕووی زیادبوونی هەواڵی فەیک و وێنە و ڤیدیۆی ناڕاست، هەروەها کاریگەری خستنەسەر متمانەی جەماوەر بە کەمبوونەوەی متمانەیان بەو زانیارییانەی دەزگا میدیاییەکان دەیگوازنەوە، کە لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە ئامادە و بڵاودەکرێتەوە. پێشکەشکردنی چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەک لە کۆتایی توێژینەوەکەدا.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

١) کێشەی توێژینەوە:

- ئایا بوونی سەرچاوەی زۆری هەواڵ و زانیارییەکان بۆتە هۆی زیادبوونی هەواڵی ناڕاست؟
- ئایا لە سەردەمی ئێستای پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیا، جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست لە هەواڵی ناڕاست (فەیک نیوز) لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاسانی دەردەکەوێت؟ بۆچی؟
- ئایا هاتنە ئارای زیرەکیی دەستکرد لە بواری میدیا بە گشتی و مامەڵەکردنی لەگەڵ سەرچاوەی هەواڵەکان ئەو کێشەیەی فراوانتر کردووە؟

لە ئێستادا، لەم توێژینەوەیەدا لەو کێشەیە دەکۆڵێتەوە کە زیرەکیی دەستکرد ڕۆڵی لە دۆزینەوەی سەرچاوەکانی هەواڵی ڕاست و خستنەڕووی هەواڵی ناڕاستدا هەیە، یاخود کێشەی هەواڵی ناڕاستی گەورەتر کردووە. جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست لە هەواڵی ناڕاست (فەیک

نیوز) لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردسـتاندا، زانینی ڕۆڵی زیرەکیی دەسـتکرد لە دۆزینەوەی هەواڵی ڕاست و خستنەڕووی هەواڵی ناڕاست.

٢) ئامانجی توێژینەوە:

زانینی ڕۆڵ و کاریگەریی زیرەکیی دەسـتکردە لە جیاکردنەوە و ئاشـکراکردنی هەواڵی ناڕاست لە هەواڵی ڕاست و چۆنێتیی سوودوەرگرتن لە زیرەکیی دەستکرد لەو جیاکردنەوەیەدا.

٣) پرسیارەکانی توێژینەوە:

١- زیرەکیی دەستکرد، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ناسینەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست؟

٢- زیرەکیی دەستکرد، کاریگەری دەکاتە سەر متمانەی جەماوەر لە وەرگرتنی هەواڵی ڕاست؟

٣- زیرەکیی دەسـتکرد بۆتە هۆی زیانگەیاندن بۆ میدیاکاران وەک جێگرەوەیان لە دامەزراوە میدیاییەکاندا؟

٤- چەندێتیی متمانەی جەماوەر بە زیرەکیی دەسـتکرد، بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاسـت لە هەواڵی ناڕاست.

٥- زیرەکیی دەستکرد بۆتەهۆی زیادبوونی هەواڵی ناڕاست یاخود کەمبوونەوەی؟

٤) گرنگیی توێژینەوەکە: دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بخەینەڕوو:

١- لە ڕووی زانسـتییەوە، هەوڵدانە بۆ تیشـکخسـتنە سـەر گرنگی زیرەکیی دەسـتکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاسـت و ناڕاسـت، وەک مافێکی سـەرەتایی و گرنگیی هاووڵاتییان بە گشتی و بینەری تەلەفزیۆن بە تایبەتی.

٢- لە ڕووی پراکتیکیەوە، ئەو زانیارییە تیۆرییانە لە توێژینەوەکە ئاماژەیان پێدەکرێت، یاخود هەڵسـەنگاندن و تێڕوانینی بینەر و جەماوەری تەلەفزیۆن بۆ بوونی هەواڵی ناڕاسـت و ڕۆڵی زیرەکیی دەسـتکرد لە بەدەسـتهێنانی هەواڵی ڕاسـت، دەکرێ سـوودی لێوەربگیرێ لە چارەسـەرکردنی کەموکوڕییەکانی هەواڵە ناڕاسـتەکان کە لەژێر ناوی سـەرچاوەی نادیار و

نەزانراو بڵاودەکرێنەوە. ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگە بۆ جەماوەر و میدیاکاران بە ئاشنابوونیان بە بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست لە هەواڵی ناڕاست لە هەمانکاتدا زانینی پێوەر و بنەماکانی هەواڵ و زانیاریی ڕاست و دروستە، ڕەچاوکردنیان لە ژینگەی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

٥) جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی ڕاپێوی ئەنجامدراوە، توێژەران هەوڵیانداوە زانیاریی ورد و دروست لەسەر ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە ئاشکراکردن و جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست لە ناڕاست ئەنجامبدەن، لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕای ژمارەیەکی دیاریکراو لە سامپڵی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

٦) کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە جەماوەری تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان، سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکیی مەبەستدار وەرگیراوە، کە بە شێوەی فۆڕمی ئەلیکترۆنی وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسیی توێژینەوەکەیان داوەتەوە.

٧) ئامرازەکانی توێژینەوە:

بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی ورد و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، (گوگل فۆرم) فۆڕمی ئەلکترۆنی بۆ ڕاپرسی بەکارهاتووە، کە ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیارییە بە تایبەتی لە توێژینەوەی وەسفیدا، بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها تێبینی و سەرنجی پسپۆڕانی میدیا وەک هەڵسەنگێنەرانی فۆڕمەکە، بۆ ئەو مەبەستە فۆڕمێکی (٣١) بڕگەیی دابەشکرا بەسەر سامپلی توێژینەوەکەدا.

٨) سنووری توێژینەوە:

سنووری مرۆیی: لە قوتابییانی بەشی تەکنیکی میدیا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر پێکهاتووە.

سنووری کات: ئەم توێژینەوەیە لە ٢٠٢٤/٣/١ بۆ ٢٠٢٤/٣/٢٥ ئەنجامدراوە.

سنووری شوێن: لە چوارچێوەی تەلەفزیۆنەکانی شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان- عێراق ئەنجامدراوە.

٩) ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

کەمیی بەشداربوون بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، لەلایەن سامپڵی تایبەت بە کێشەی توێژینەوەکە، لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان لینکی فۆرمەکە دابەشکرابوو.

(١٠) توێژینەوەکانی پێشوو:

١- د. عمر و محمد محمود عبدالحمید، ٢٠٢٢:

بە ناونیشانی (پیادەکردنی زیرەکیی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیایی، پەیوەندی بە متمانەی جەماوەری میسری)، (توظيف تطبيقات الذكاء الاصطناعي في إنتاج المحتوى الاعلامي علاقتها بمصداقية لدى الجمهور المصري) پێشکەشی زانکۆی (بنی سويف) کراوە لە وڵاتی میسر.

توێژینەوەیەکی وەسفی_شیکارییە، میتۆدی ڕووپێوی تێدا بەکارهاتووە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: زانین و خستنەڕووی شێوازەکانی پیادەکردنی زیرەکیی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی و پەیوەندی بە متمانەی جەماوەرەوە. هەروەها پێوانەکردن و شیکردنەوەی گۆڕاوە کارتێکراوەکان لە بڕوابوونیان بە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە میدیاییانەی لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد پێشکەشیان کراوە بە بەراورد بە ناوەرۆکی میدیایی کە بە شێوەیەکی باو (کلاسیک) بەرهەمهێنراوە. هەروەها خستنەڕووی شێوازەکانی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی و پەیوەندی بە بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری میسری.

٢- توێژینەوەی (می مصطفی عبدالرزاق)، ٢٠٢٢:

(بەشی ڕۆژنامەوانی لە ئەکادیمیای–اخباراليوم) بە ناونیشانی (تەکنیکی زیرەکیی دەستکرد لە ڕاگەیاندن، واقع و گەشەسەندنی داهاتوو) تقنيات الذكاء الاصطناعى فى الإعلام.. الواقع والتطورات المستقبلية.

ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی (النظرية الموحدة لقبول واستخدام تكنولوجيا المعلومات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: خستنەڕووی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە ئێستا و داهاتووی میدیادا. ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووە: کەوا بە ڕێژەیەکی بەرز جەماوەر بەدوای زانینی هەواڵەکاندان لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە. ئەوەش دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەی کە لە ئێستادا هەیە لە نێوان ئەو دوو ئەگەرەی گفتوگۆی لەسەرە کە بریتییە لە: سوودی زیرەکیی دەستکرد و گەشەکردنی لە ئێستادا، زیانەکانی لە داهاتوودا، و زیادبوونی توانا و پێشکەوتنە خێراکانی بە بەردەوامی.

٣- توێژینەوەی (علاء مكي الشمري)، ٢٠٢١:

بە ناونیشانی (میدیای بینراو لە سێبەری ئاڵنگارییەکانی زیرەکیی دەستکرد) الإعلام المرئي في ظل تحديات الذكاء الاصطناعي: دراسة استطلاعية. زانکۆی بەغداد کۆلێژی ئاداب.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، تیشکخستنە سەر ئەو گۆڕانکارییە گریمانەییانەی کە لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی دێنە پێش لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرد و جێبەجێکردنی، وەکو نووسین و ئامادەکردنی بابەتە میدیاییەکان، گرنگیی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بواری زیرەکیی دەستکرد لەسەر بەرهەمی میدیایی بینراو بە تایبەتی هەواڵەکان.

لە گرنگترین ئامانج کە توێژینەوەکە بەدەستیهێناوە: دانانی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی زیرەکیی دەستکرد، پاراستنی مافی بەکاربەر و میدیاکاران. لە ڕووی: پیشەیی، ئاکاری، زانیارییەوە.

٤- توێژینەوەی (andrey Miroshnichenko، 2020) سدنی، استراليا:

ناونیشـانی توێژینەوەکە: (پیادەکردنی زیرەکیی دەسـتکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی و باوەڕپێهێنانی لای جەماوەر).

ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی توانای ڕۆبۆت بە جێگرتنەوەی ڕۆژنامەوانان، ئەو دەرئامانجانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: کەوا ڕۆبۆتی میدیایی دەتوانرێ بەکاربهێنرێت لە ژووری هەواڵەکانی دامەزراوە میدیـاییەکـان لە داهـاتوودا، هەروەهـا دەتوانرێت ڕۆبۆت بەکـاربێت لە بەکـارهێنـانی داتای زۆر، و شیکردنەوەی بە کەمترین کات.

توێژینەوەی Andry گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی کە تواناى زیرەکیی دەســـتکرد لە زیادبوندایە بە بەردەوامی، ناتوانرێ جیاوازی بکرێت لە نووسـینی هەواڵ کە زیرەکیی دەسـتکرد ئەنجامیدابێت یاخود ڕۆژنامەنووسێک نووسیبێتی.

**تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:-**

دوای خســـتنەڕووی چوار توێژینەوە بە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی) توێژەران هەوڵیانداوە سوودیان لێوەربگرن لە ڕووی:

١- میتۆدی توێژینەوە، ئامرازی بەکارهاتوو و هەنگاوە زانستییەکانیان.

٢- سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیان.

٣- ئاشنابوون بە سەرچاوەی نوێ، زانیاریی نوێ و لەبارەی زیرەکیی دەستکرد.

٤- ئەو ئەنجامانەی تێیاندا بەدەستهاتوون.

لەگەڵ ئەمانەشـدا چەند جیاوازی و لێکچوونێک هەن لە نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو وەک:

- خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەی هەر یەک لە (عمر عبدالحمید، می عبدالرزاق، علاء الشمري) هەمان میتۆد بەکارهاتووە، هەروەها لەبارەی کێشەی توێژینەوەکە تا ڕادەیەکی زۆر نزیکن، لە ڕووی ئامانج و ئەنجام هەمان شێوەن، چونکە کار لەسەر زیرەکیی دەستکرد و پەیوەندی بە ناوەڕۆکی میدیا و متمانەی جەماوەر دەکەن.

- هەروەها توێژینەوەکەی Andry بە هەمان شێوە نزیکییەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی چوارچێوەی توێژینەوەکە، بەڵام جیاوازیی ئەوەیە کە باس لە جێگرەوەی میدیاکاران دەکات لەلایەن زیرەکیی دەستکردەوە.

١١) چەمکەکانی توێژینەوە:

پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

زیرەکیی دەستکرد، هەواڵی ڕاست، هەواڵی ناڕاست (فەیک نیوز)، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.

زیرەکیی دەستکرد: لە زمانی ئینگلیزیدا (Artificial intelligence) کە بە کورتی پێی دەوترێ (AI) تەکنەلۆژیایەکە کە توانای بیرکردنەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان هەیە. بێگومان ئەم توانای بیرکردنەوە زۆر جیاوازە لەوەی کە ئێمە بە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەیزانین، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵی لاساییکردنەوەی دەدات.

هەواڵی ڕاست: ئەو هەواڵەیە لە سەرچاوەیەکی دیار و ئاشکراوە بڵاودەکرێتەوە بۆ مەبەستی گەیاندنی ڕاستیی هەواڵی ڕووداوێک بە جەماوەر.

هەواڵی ناڕاست: ئەو جۆرە هەواڵانەیە کە لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە بڵاودەکرێنەوە، بە مەبەستی شێواندنی هەواڵە ڕاستەکە یاخود بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە و بەلاڕێدابردنی هەواڵی ڕاست و چەواشەکردنی جەماوەر یان بۆ لەبیربردنەوەی قەیرانێک یاخود کەموکوڕییەکی بەرچاو کە لە نابەرپرسیارێتییەوە سەریهەڵدابێت.

کەناڵەکانی تەلەفزیۆن: جۆرێکە لە ئامرازەکانی گەیاندنی میدیای جەماوەری، کە مەودایەکی فراوان و لە جوگرافیایەکی فراواندا پەخش و بڵاودەکرێتەوە.

## بەشی دووەم- تەوەرەی یەکەم:

## پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی زیرەکیی دەستکرد:

١:٢- پێناسەی زیرەکیی دەستکرد: (AI) لقێکی فراوانی زانستی کۆمپیوتەرە کە پەیوەندی بە دروستکردنی ئامێری زیرەکەوە هەیە، توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی هەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستییان بە زیرەکیی مرۆڤ هەیە. زیرەکیی دەستکرد زانستێکی نێوان زانستەکانە و چەندین ڕێبازی هەیە. بەڵام پێشکەوتن لە فێربوونی ئامێر و فێربوونی قووڵدا گۆڕانکارییەکی قووڵ لە هەموو بەشێکی پیشەسازی و تەکنەلۆژیادا دروستدەکات. (د. عبدالله موسی، د. احمد جلال، ٢٠١٩، ل٣٧).

- زیرەکیی دەستکرد بریتییە: لە تیۆری و پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی کۆمپیوتەر کە توانای هەبێت چارەسەری کێشەکان بکات و هەندێک ئەرک ئەنجامبدات کە پێویستی بە زیرەکیی مرۆڤە، بۆ نموونە تێگەشتن لە کەسی بەرانبەر، ئەنجامدانی گفتوگۆ، زیاتریش، واتە بە کورتی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستی بە مرۆڤێک و ژیرییەکەی هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامیبدات، زیرەکیی دەستکرد بریتییە لەوەی ئەو ئەرکانە لە ڕێگەی پرۆگرامکردن بە ئامێرێکی دیکە ئەنجامبدرێت (ماکس تیغمارک، ٢٠٢٢، ل٨٢).

٢:٢- مێژووی زیرەکیی دەستکرد:

ژیریی دەستکرد لەلایەن فەیلەسووفانی کلاسیکەوە سەریهەڵدا کە هەوڵیاندا بە دەستکاریی میکانیکیی هێماکان باسی پرۆسەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بکەن. بە داهێنانی کۆمپیوتەرە دیجیتاڵییە بەرنامەڕێژکراوەکان لە دەیەی ١٩٤٠دا پەرەیسەند، بە مانای ئامێرێک کە لەسەر سروشتی ئەبستراکتی بیرکاری بنیادنراوە. ئەم ئامێرە و بیرۆکەکانی پشتی وای لە ژمارەیەک لە زانایان کرد کە بە جددی باسی ئەگەری دروستکردنی مێشکی ئەلکترۆنی بکەن (j.bushor, 2018, p62).

لقی توێژینەوەی ژیریی دەسـتکرد (AI) لە کۆنفرانسـێکدا لە کۆلێژی دارتماوس لە سـاڵی ١٩٥٦ دامەزرا. ئەوانەی بەشـــدارییان کرد پێشـــڕەو بوون لە توێژینەوەی ئای ئەی بۆ ماوەی دەیان ســـاڵ. زۆر کەس لەوانە پێشـــبینی ئەوەیان دەکرد کە ئامێرێک وەک مرۆڤ بە زوویی و لە تەمەنی نەوەیەک دواتر یان کەمتر بێتە ئاراوە. زانا و پێشـــەنگی بواری ئامێرە زیرەکەکانی ســـەردەمی خۆی (ئەلن تیورینگ) لە وتارە ناودارەکەی ســـاڵی ١٩٥٠دا، کە بووە هۆی خێرایی توێژینەوە لە مۆدێرنکردنی ئـامێرەکـانی ژیری، بـاس لەوە دەکـات کە «ئێمە تەنهـا مەودایەکی کورت لە پێشمان دەبینین» (Turing 2004 p. 176).

گەشـــەکردنی زیرەکیی دەســـتکرد دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵانی جەنگی جیهانیی دووەم، کاتێک هێزەکانی ئەڵمانیا ئامێری ئینیگمایان بەکارهێنا بۆ کۆدکردن و ناردنی نامە بە شـــێوەیەکی پارێزراو، زانای ئینگلیز (ئالان تورینگ) هەوڵی شـکاندنی ئەو کۆدانەی دەدا. تۆرینگ و تیمەکەی ئامێری بۆمبیان دروســـتکرد کە ئەو مەتەڵەی چارەســـەر کرد. هەردوو ئامێری ئینیگما و بۆمب بنچینەی فێربوونی ئامێرن، کە یەکێکە لە لقەکانی ژیریی دەســـتکرد. تۆرینگ ئامێرێک بە زیرەک دادەنێت کە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤێکدا دەکات بەبێ ئەوەی هەســـتی قســـەکردن لەگەڵ ئامێرەکە پێبدات و ئەمەش پرســـی بنەڕەتیی زیرەکیی دەســـتکردە، واتە دروســـتکردنی ئامێرێک کە وەک مرۆڤ بیربکاتەوە و بڕیار بدات و مامەڵەبکات.

(جون مکـارثی) بە دامەزرێنەری زیرەکیی دەســـتکرد نـاودەبرێـت، لەپـاڵ لێکۆڵەرانی بواری تەکنەلۆژیا هەریەک لە (ئالان تورنگ، مارفن مینســـکس، والن نیویل، هیربرت ســـیمون)، مکارثی وشـەی (زیرەکیی دەستکردی) بەکارهێنا بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٥)، پاشان لەگەڵ (مینسکی) پەیوەندی کرد بە پەیمانگەی (ماساتشوستس) بۆ تەکنەلۆژیا لە ساڵی (١٩٥٩) لە ئەمریکا.

ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە لە مانگی حوزەیرانی ســـاڵی (١٩٦٥)بۆ یەکەمین جار لەســـەر دەســـتی کۆمەڵێک زانای تەکنەلۆژی و بیرکاری دەرکەوت، کۆبوونەوە لەســـــەر بیرۆکەیەک، بیرۆکەکە بریتیبوو لەوەی کۆمپیوتەرێک دروســـتبکەن بە ڕاســـتی بیربکاتەوە، نەیاندەزانی ناوی چییە و

چۆن کاردەکات! بەڵام گفتوگۆکەیان لەوێ ئەو پریشکەی دروستکرد کە شتێکی لەو شێوەیە دەکرێت هەبێت، پاش ئەوە بەرزی و نزمیی زۆر بەسەر دۆخی ئەم بیرۆکەیەدا هات و بۆ ماوەی چەند ساڵێک بیرۆکەکە بەبێ بنەما نیشاندرا، تاوەکو دواجار لەگەڵ سەردەمی مۆدێرندا زانرا یەکێک بووە لە گرنگترین و باشترین داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا تا ئێستا بەردەوام لە نوێگەریدایە. (ئالان بونیە، ٢٠٢٠، ل١٢٠)

٣:٢- ئامانجی زیرەکیی دەستکرد (AI):

بنەمای زیرەکیی دەستکرد بریتییە لە پێناسەکردنی زیرەکیی مرۆڤ و شێوازی کارکردنی بە شێوەیەک کە ئامێرێک بە ئاسانی جێبەجێی بکات و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بە شێوەیەکی دروست ئەنجامیبدات. مەبەست لە زیرەکیی دەستکرد لە ڕاستیدا لەسەر سێ بناغە دامەزراوە:

١- فێربوون

٢- ئیستدلالکردن

٣- تێگەیشتن

زیرەکیی دەستکرد (AI) توانای کۆمپیوتەرێکی دیجیتاڵی یان ڕۆبۆتێکی کۆنترۆڵکراوی کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بە شێوەیەکی باو پەیوەندییان بە بوونەوەرە زیرەکەکانەوە هەیە. ئەم زاراوەییە زۆرجار بۆ پڕۆژەی پەرەپێدانی ئەو سیستەمە بەکاردەهێنرێت کە بەخشراون بە پرۆسەی فیکریی تایبەتمەندی مرۆڤ، وەک توانای عەقڵ، دۆزینەوەی مانا، گشتاندن، یان فێربوون لە ئەزموونی ڕابردوو. لە سەرەتای پەرەسەندنی کۆمپیوتەری دیجیتاڵی لە ساڵانی چلەکاندا، دەرکەوتووە کە کۆمپیوتەرەکان دەتوانرێت بەرنامە بۆ دابنرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی زۆر ئاڵۆز- وەک بۆ نموونە دۆزینەوەی بەڵگە بۆ تیۆرە بیرکارییەکان یان یاریکردنی شەترەنج- بە لێهاتوویيەکی زۆرەوە. (AA.ZHANG& GHORBANI, 2020, P.57).

سەرەڕای پێشکەوتنی بەردەوام لە خێرایی پرۆسێسی کۆمپیوتەر و توانای بیرگەدا، تا ئێستا هیچ بەرنامەیەک نییە کە بتوانێت هاوتای مرۆڤ بێت لەسەر دۆمەینە فراوانەکان یان لە ئەرکەکاندا کە پێویستییان بە زانیارییەکی زۆری ڕۆژانەیە. لەلایەکی ترەوە، هەندێک بەرنامە ئاستی ئەدای شارەزا و پیشەییەکانی مرۆیی لە ئەنجامدانی هەندێک ئەرکی تایبەتدا بەدەستهێناوە، بە جۆرێک کە زیرەکیی دەستکرد بەم مانایە سنووردارە لە بەرنامە هەمەچەشنەکانی وەک دەستنیشانکردنی پزیشکی، بزوێنەری گەڕانی کۆمپیوتەر و ناسینەوەی دەنگ یان دەستنووسدا دەبینرێت.

کۆمەڵێک جۆری جیاوازی فێربوون هەن، وەک ئەوەی بۆ زیرەکیی دەستکرد بەکاردەهێنرێت. سادەترینیان فێربوونە بە تاقیکردنەوە و هەڵە. بۆ نموونە: دەرخستن و زانینی هەواڵ و زانیاریی ناڕاست و دۆزینەوەی زانیارییە ڕاستەکە لە هەمانکاتدا کە بابەتی سەرەکیی کێشەی ئەم توێژینەوەیەن (دینیس روثمانل، ٢٠٠٣، ل٩٧).

## بەشی دووەم/ تەوەرەی دووەم

١:٢:٢- چەمک و پێناسەی هەواڵ: بریتییە لە خستنەڕووی ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بیروبۆچوون و ڕای گشتی. (هەڵگورد جەلال، ٢٠١٧، ل٤٧)

هەواڵ گوزارشتە لە واقیع، بەڵام واقیعێک ناتوانرێ بە هەواڵ دابنرێت.

هەواڵ: پەیامێکە کە ئەگەری ڕاستی و دروستیی تێدایە.

هەواڵ: هەواڵ تازەترین ڕووداوە کە جێگەی بایەخی جەماوەرێکی فراوان بێت.

بە شێوەیەکی گشتی هەر ڕووداوێک کە لە دەوروبەرماندا ڕوودەدات، دەکرێ بە هەواڵ. خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە میدیاکان لەناو ڕووداوە ڕۆژانەدا، هەواڵ هەڵدەبژێرن و ئەم هەڵبژاردنەش ئەرکی هەواڵنێرە گرنگترین بابەتێکیش کە یارمەتیدەری هەواڵنێرانە بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ لە نێوان ڕووداوەکاندا (بەهاکانی هەواڵن). هەواڵ وەک یەکێک لە ژانرە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی میدیا و بواری ڕۆژنامەنووسی، گرنگی و بەهێزییەکەی لەوەدایە بە شێوەیەکی ڕاست و باشترین تەکنیک بخرێتە بەر دەستی وەرگر، چونکە هەواڵ خێراترین ژانری گەیاندنی

زانیارییەکانە لە میدیادا و هەمیشـــە وەرگر بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوە گەرمەکان و زانیاریی خێرا پشـــتی پێدەبەســـتێت، لەبەرئەوەشـــە میدیاکان بەردەوام شـــێوازی نوێ و ســـتایلی ســـەرنجڕاکێش بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ وەردەگرن، هەواڵ جیا لە هەموو ژانرەکانی دیکەی ڕۆژنـامەنووســـیش تەکنیـک و وەڵامـدانەوەی پرســـیـارگەلێکی زۆری پێویســـتە. (ZANIYARY.NET.2024).

٢:٢:٢- گرنگترین بنەماکانی نووسینی هەواڵ:

١- هەماهەنگیی هەواڵ: هەواڵ دەبێ بە جۆرێک ڕێکبخرێت، هەموو بەشـــەکانی هەماهەنگی پێویستیان لەگەڵ یەکدا هەبێت. یان دوو ڕووداو پێکەوە ئاوێتەبکرێن.

٢- شـوێن و سـەرچاوە و مێژووی هەواڵ: پێویسـتە لەهەر هەواڵێکدا شـوێنی ڕوودانی هەواڵەکە و مێژووەکەی و سـەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکە دیاربکرێت واتە ڕاسـتیی سـەرچاوەی هەواڵ (فەرمان سالح، ٢٠٠٨، ل١٨).


٣:٢:٢- هەواڵی ســـاختە: (فەیک نیوز) ئاماژەیە بۆ زانیاریی ناڕاســـت یان چەواشـــەکارانە بە مەبەسـت پێشـکەشـدەکرێن وەک ئەوەی ڕاسـت بن. ئەمەش دەتوانێت هەواڵە هەڵبەسـتراوەکان، وێنە یان ڤیدیۆ، تەنانەت هەواڵی شـــەرعی و یاســـایی کە لە چوارچێوە دەرهێنراون یان بە مانشێت یان نووسـینی چەواشـەکارانە پێشـکەش دەکرێن لەخۆبگرێت. زۆرجار ئامانجی هەواڵی ساختە فریودانی خەڵکە، بۆ کۆکردنەوەی لایک و کۆمێنت یان بەدەستهێنانی داهاتە وەک ڕیکلام یاخود وەک دروسـتکردنی پڕوپاگەندە بڵاودەکرێنەوە بە مەبەسـتی پشـێوی دروسـتکردن یاخود بە چەواشـەکردنی ڕاستی هەواڵەکە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. (Zhang and Ghorbani, 2020)

هەواڵی سـاختە شـتێکی نوێ نییە؛ لە کۆنەوە هەیە. کۆنترین حاڵەتی تۆمارکراوی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ســـاختە بۆ بەدەســـتهێنانی زانیاری کە لە ســـەروبەندی شـــەڕی (کادێشـــدا) ڕوویدا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ســـاڵی ١٢٨٠ پێش زاین، کە بەدەوییەکانی (هیتی) بە ئەنقەست لەلایەن میسرییەکانەوە دەستگیرکراون بۆ ئەوەی بە فیرعەون ڕامسیسی دووەم بڵێن

شـوێنی سـوپاکەی هەڵەیە. دواتر، لە سـاڵی ١٤٩٣ چاپخانەی گوتنبێرگ داهێنراو بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە ئاســـانتر بوو. لە ســـاڵی ١٨٣٥ فێڵی گەورەی مانگ هەبوو، کە ڕۆژنامەیەکی نیویۆرک ئیدیعای ژیانی لەسەر مانگ دەکرد.

لە ســـەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا، هەواڵی ســـاختە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەرمبوونی جەنگەکەدا. پڕوپاگەندەی نازییەکان لە ئەڵمانیا، لە کاتێکدا نازییەکان پڕوپاگەندەی خۆیان بڵاودەکردەوە. (جۆزێف گۆبڵز) بە کەســـایەتییەکی ســـەرەکی دادەنرێت لە پڕوپاگەندەی نازییەکان بەرانبەر نەیارەکانیان، زانیاریی هەڵەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بیروڕای نازیەت بسەپێنی و سۆزی ڕای گشتی بجوڵێنێت. (Choraś et al, 2021)

لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئینتەرنێت و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا و دروسـتبوونی سـۆشیال میدیا، هەواڵی ســـاختە بە شـــێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە و کاریگەریی لەســـەر هەڵبژاردن و گفتوگۆکان و بیروڕای کەسایەتییە ناودارەکان و هەواڵە سیاسی و ئابووری و سەربازی... هتد دەگرێتەوە. دەکرێ لە وێنەی ژمارە (١) دا زۆر بە ڕوونی هەست بە زیادبوونی هەواڵی ساختە بکەین. لەم وێنەیەدا ژمارەی ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەستن بە"هەواڵی ســاختە" کە لە داتابەیسی گووگڵ سکۆلار کە لە ساڵی (٢٠٠٤) بڵاوکراونەتەوە، ساڵ بە ساڵ پیشاندەدات.




وێنەی ١:

(پەرەســـەندنی گووگڵ ســـکۆلار لە ژمارەی ســـاڵانەی ئەو وتارانەی کە بە وشـــەی ســـەرەکی "هەواڵی ساختە" وەرگیراون لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو مانگی ٨ ساڵی ٢٠٢٠)

- هەواڵی ســـــاختە لە ســـــەردەمی دیجیتـاڵی ئەمڕۆدا بووەتە نیگەرانییەکی بەرچـاو. لەگەڵ سـەرهەڵدانی سـۆشـیال میدیا و پلاتفۆرمی هەواڵی ئۆنلاین، هەواڵی سـاختە بووەتە کێشـەیەکی بەربڵاو، زانیاریی هەڵە و پڕوپاگەندە بۆ ملیۆنان کەس لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە. دەرئەنجامەکانی هەواڵی ســـاختە دەتوانن ســـەخت بن و ببنە هۆی ســـەرلێشـــێواوی و دەمارگیری و تەنانەت توندوتیژی. (Loos and Nijenhuis, 2020)

زۆر گرنگە سـیسـتەمێک دروسـتبکرێت کە بتوانێت بە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەواڵی سـاختە بناسـێتەوە، کاتێک لە سـۆشـیال میدیادا یاخود لە میدیاکان دەردەکەوێت بۆ ئەوەی کاریگەرییە زیانبەخشـەکانی کەمبکرێتەوە. هێشتا کۆمەڵێک کێشـەی توێژینەوەی چالاک هەیە کە پەیوەندییان بە ناسـینەوەی هەواڵی سـاختە لە سـایتە جیاوازەکانی سـۆشـیال میدیادا هەیە ( Mishra et al, 2022).

٤:٢:٢- ڕۆڵی زیرەکیی دەستکرد لە ئاشکراکردنی ساختەهەواڵ:

زیرەکیی دەســتکرد ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دۆزینەوەی هەواڵی ســاختە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامراز و تەکنیکی ئاڵۆزەوە، چونکە توانای شـیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری لە داتا و زانیاری و دەستنیشانکردنی ئەو شێواز و ڕەوتانەی کە ئاماژەن بۆ زانیاری هەڵە هەیە.

پێناســـەی هەواڵی ســـاختە: دۆزینەوەی هەواڵی ســـاختە بریتییە لە شـــیکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی داتا، وەک ناوەڕۆکی دەقی میدیایی، کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکەی. یەکێک لەو شێوازانە بریتییە لە پرۆسێسی زمانی سروشتی (NLP) کە شیکاریی ئەو زمانە دەکەن کە لە بابەتەکانی هەواڵدا بەکاردەهێنرێن بۆ دەســتنیشــانکردنی ناتەبایی و زمانی چەواشــەکارانە و هەڵەی ڕێزمانی کە زۆرجار ئاماژەن بۆ زانیاریی هەڵە (Kanta، Dihal ,2019, p74).

هەواڵی ناڕاســـت لە دوای ســـاڵی ٢٠١٠ بووە بابەتێکی گەرمی جێی گفتوگۆی شـــارەزایانی جۆرنالیزم لە جیهان، بە تایبەت دوای ئەوەی کە (دۆناڵد ترەمپ) سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، لە ســـاڵی ٢٠١٧ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە کۆشـــکی ســـپی تۆمەتی بڵاوکردنەوەی (فەیک

نیوز)ی خستەپاڵ پەیامنێری (CNN)ی ئەمریکییەوە (Peter Alexander) کاتێک پرسیارێکی چەواشەکارانەی ئاڕاستەی تەرەمپ کرد. پرسیارەکە بەم شێوەیە بوو (چی بە ئەمریکییە ترسنۆکەکان دەڵێی؟) ئەمە بووە هۆی تووڕەکردنی سەرۆکی ئەمریکا، ئەمە وای کرد کە پەیامێرەکە بە بێڕەوشت و پڕوپاگەندەچی پێناسە بکات، ئەمە وای کرد کۆشکی سپی مافی تەنها دوو پرسیار لە سەرۆک بە ڕۆژنامەنووسان بدات. (هەژار حکیم عزیز، ٢٠٢٢، ل ١٦٠)


سەرەڕای ئەوەش، سیستەمی پشکنینی ڕاستییەکان کە کاردەکات بۆ جیاکردنەوەی زانیاری و بابەتەکانی هەواڵ لەگەڵ سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بەراورد دەکەن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاست و دروستی، ئەلگۆریتمەکانی زیرەکیی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاماژە بە پڕوپاگەندەکان بکەن. هاوکات زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت متمانەی سەرچاوە هەواڵییەکان هەڵسەنگێنێت بە شیکردنەوەی ناوبانگ، مێژووی نووسین و پەیوەندییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی وەک تەمەنی دۆمەین و بڕوانامەی نووسەر. هەروەها ئەلگۆریتمەکانی زیرەکیی دەستکرد چاودێری ڕەوتی سۆشیال میدیا دەکەن، ئەکاونتە گوماناوییەکان یان چالاکییەکانی بۆتەکان دەستنیشاندەکەن و شێوازەکانی بڵاوکردنەوە شیدەکەنەوە بۆ ئاشکراکردنی هەواڵە ساختە ئەگەرییەکان. دەتوانرێت میتۆدەکانی زیرەکیی دەستکرد لەسەر کۆمەڵە داتا گەورەکان ڕابهێنرێت بۆ ناسینەوەی نەخشەکانی تایبەت بە زانیاریی هەڵە. سەرەڕای ئەوە شیکاریی فیدباک و پێوەرەکانی بەشداریکردن دەکات بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینی گشتی و دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی چەواشەکارانە لە ڕێگەی یەکخستنی چەندین شێوازی ناوەڕۆکی هەواڵ وەک: دەق، وێنە و ڤیدیۆ.

ئامرازی نوێی زیرەکیی دەستکرد ChatGTP4، یارمەتی ئەم نەوەی هەواڵی ساختەی ئۆتۆماتیکی دەدات، ئەمەش بەهۆی پێکهاتەی دروستکەرەکەیەوە و بابەتگەلێکی ساختەی بەکارهێناوە کە هەرگیز لەلایەن گۆڤارەکانی وەک The Guardian نەنووسراون(Berrondo-Otermin and Sarasa-Cabezuelo, 2023).

دوای شیکردنەوەی هەندێک لەو دەرئەنجامانەی هەواڵی ساختە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیەتی و ئەو دەرئەنجامانەی کە زانیاریی هەڵە هەیبووە، لەگەڵ ئەو توانایەی کە لە قەیرانەکانی داهاتوودا هەیەتی، ئاشکرایە کە توانای دەستنیشانکردنی هەواڵی ناڕاست گرنگە. پێش سەردەمی سۆشیال میدیا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەرپرسی زانیارییەکان بوون، لە ئێستاشدا بە هەمانشێوەن، بەڵام دەسەڵاتیان کەمبووەتەوە. ڕۆژنامەنووسان دەبێت بە وردی ڕاستییەکان بپشکنن، زانیارییەکان چەندینجار پشتڕاستبکەنەوە، دڵنیابن لە سەرچاوەکان، دڵنیابوون لە وردیی ڕاپۆرتەکانیان پێش بڵاوکردنەوە. بەڵام لە ئێستادا کە ئێمە زانیاریی زۆر خێرا بەکاردەهێنین، ئەم پشکنینە کات و هەوڵێکی زۆری دەوێت. بەو پێیەی ژمارەی هەواڵ و زانیارییەکان ئەوەندە زۆرن بە شێوەیەکی پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە ناکەن. (Egelhofer and Lecheler ,2019)

### ٥:٢:٢- جۆرەکانی هەواڵی ناڕاست:

لە دۆزینەوەی هەواڵی ناڕاستدا، گرنگە جۆرە جیاوازەکانی جیابکرێتەوە کە بریتین لە؛ کلیککردن، فێڵ، پروپاگەندە، تەنز و دزینی ناو سەرچاوە ئەوانی دیکە. وەک لە وێنەی ژمارە (٢) دیارە ٢:




وێنەی ٢: جۆرەکانی هەواڵی ناڕاست

**١- کلیک بەستەر**: چیرۆکێکی ساختەیە و مانشێتەکانی سەرنجڕاکێشە و ئامانج لێی ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ ئەوەی کلیک لەسەر بەستەرێک بکات. کلیککردن لەسەر بەستەرەکە داهات بۆ

خاوەنی ئەو بەســـتەرە بەدەســـتدەهێنێت لە شـــێوەی پارەدان بۆ هەر کلیکێک. توێژینەوەیەکان دەریانخستووە کە زۆربەی مانشێتەکانی کلیک بەستەر سەرنجڕاکێش و سەرنجڕاکێشترن لە هەواڵە ئاســـاییەکان. بە زۆری زانیاریی چەواشـــەکارانەیان هەیە لە شـــێوەی قســـە و باس و کوالیتیی نزم بە گشتی پەیوەندی بە سەردێڕەکانەوە نییە. کلیک بەستەر سەلماندوویەتی کە بزنسێکی زۆر قازانجبەخشە. (Collins et al، 2020)

٢- **پروپاگەندە:** هەروەها پروپاگەندە جۆرێکە لە هەواڵی ناڕاســـت، هەرچەندە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگ، پروپاگەندە بەناوبانگ بوو لە ڕاپۆرتکردنی جەنگدا کە زۆرجار ڕۆژنامەنووسان زانیاریی ناڕاست بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک لە ترس و دڵەڕاوکێ ڕزگار بکەن بە تایبەتی لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا. پروپاگەندە ئاماژەیە بۆ ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن قەوارەیەکی سیاسییەوە دروستدەکرێن بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر تێڕوانینەکانی گشـــتی. دەوڵەتان ئەکتەری ســـەرەکیی پروپاگەندەن و لەم دواییانەدا وەرچەرخانێکی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە کە ســـیاســـەتمەداران و ئۆرگانەکانی میدیا بەکاریدەهێنن بۆ پشتگیریکردن لە هەڵوێستێک یان بۆچوونێکی دیاریکراو. (Tandoc Jr et al, 2018).

٣- **تەنز**: بریتییە لە دروستکردنی گێڕانەوەیەک یان زیادەڕەویکردن لە ڕاستییەکان وەک ئەوەی بە شـــێوەیەکی کۆمیدی پێشـــکەش دەکرێن بۆ ئەوەی ئامەنجەکەیان بەرەوپێشـــببەن. لە ڕێگەی بەکارهێنانی نوکتە یان زیادەڕەوی لە گێڕانەوە.

٤- **ساختەکاری**: بریتییە لە ڕاپۆرتێکی بە ئەنقەست هەڵبەستراو لە هەوڵێکدا بۆ فریودانی خەڵک یان بینەران. بەو پێیەی بە ئەنقەســـت ئەنجامدەدرێن، بە باشـــی داڕێژراوە بە جۆرێک کە لە هەندێک کاتدا، میدیا ســـەرەکییەکان پێیانوایە ڕاســـتە. هەندێک لە شـــارەزایان ئاماژە بەم جۆرە نوێیەی هەواڵی ســـاختە دەکەن، جۆرێکە لە فێڵکردن کە زۆرجار زیانی ماددی گەورەی بە قوربانییەکە گەیاندووە. (Tandoc Jr et al, 2018)

**٥- دزینی ناو (ناوی خوازراو)**: ئاماژەیە بۆ سەرچاوەیەکی هەواڵی ناڕاست کە هەوڵدەدات ناسنامەی دابینکەرێکی هەواڵی ڕاستەقینە یان ڕەسەن بدزێت بۆ ئەوەی بینەر فریوبدات و باوەڕی بەوە هەبێت کە ئەو جۆرە زانیارییانە لە سەرچاوەیەکی ناسراوەوە دێت. ئەمەش بە زۆری بە دروستکردنی ماڵپەڕێک ئەنجامدەدرێت کە تەقلیدی ماڵپەڕێکی هەواڵی ڕەسەن دەکات کە پێشتر هەبووە، بۆ نموونە بەرهەمهێنەرێکی هەواڵی بە مەبەستی ناڕاست و فریودانی خەڵک لەوانەیە ماڵپەڕی سەرچاوەی هەواڵی باوەڕپێکراو بەکاربهێنێت وەک (cnn.com بۆ cnn1.net، و foxnews.com بۆ foxnewss.com). ئەمە بە زۆری بە هێنانەناوەوەی لۆگۆی ماڵپەڕەکە ئەنجامدەدرێت کە بە ئاسانی بەکارهێنەران فریودەدات و باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئەو جۆرە زانیارییانە لەو سایتەوە دێن کە پێشتر وەک ڕاستەقینە ناسیویانە (Collins et al,2020.) (Tandoc Jr et al, 2018).

## ١.٢ جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی:

بۆ دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی، بە بەکارهێنانی پێوانەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ بەراوردکردنی وەڵامەکان ڕێژەی جێگیریی فۆرمەکە بەمشێوەیە دەرچوو (٠.٨٥٩).

**Reliability Statistics**

| Cronbach's Alpha | N of Items |
|---|---|
| .859 | 31 |

١) ڕاستی و ڕواڵەت دروستی فۆرمی ڕاپرسی:

دوای هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە لەلایەن (3) پسپۆڕی میدیایی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دوای هەڵسەنگاندن و وەرگرتنەوەی تێبینییەکانیان لەژێر ڕۆشنایی سەرنج

و پێشـــنیارەکانیان دووبارە بەشـــێک لە بڕگەکانی فۆرمەکە داڕێژرایەوە و چاککردنی لەلایەن توێژەرانەوە. بەمەش ڕێژەی ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمەکە گەیشتە (92.47٪)

ژمارەی پسپۆڕان= ٣

کۆی گشتیی بڕگەکانی پێوەر= ژمارەی بڕگەکانی پێوەر× ژمارەی پسپۆڕان

٣١×٣= ٩٣

ژمارەی بڕگە دروستەکانی= ٩٠

ژمارەی بڕگە نادروستەکان= ٧

ڕاستی گشتی پێوەر= کۆی گشتی بڕگە دروستەکان÷ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەری× ١٠٠

٨٦/٩٣×١٠٠= ٩٢.٤٧

| ژ | ناوی مامۆستا | ناوی زانکۆ | پسپۆڕی | بڕگەی گونجاو | بڕگەی نەگونجاو |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | پ.ی.د.عبدالخالق ئیبراهیم | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | زمانی ڕاگەیاندن | 27 | 4 |
| ٢ | پ.ی.د.سامان جلال | زانکۆی سەلاحەدین | ژانرەکانی ڕاگەیاندن | 30 | 1 |
| ٣ | پ.ی.د.سیروان انور مجید | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | شیکردنەوەی گوتاری میدیایی | 29 | 2 |
| کۆی گشتی | | | | 86 | 7 |

## بەشی سێیەم/ تەوەرەی یەکەم:

## لایەنی پراکتیکی:-

## (ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا)

لەم بەشـــەدا وەســـفی زانیاری بەشـــداربووانی ســـامپڵی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو، کە فۆڕمی ڕاپرســـییەکەیان پڕکردۆتەوە، لە چەند خشـــتەیەکی جیاجیادا پۆلێنکراون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانستییان بۆ ئەنجامدراوە.

یەکەم/ زانیاریی کەسی:

خشتەی (١) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی تەمەن دەخاتەڕوو:

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18-21 | 15 | 30.0 |
| 22-25 | 17 | 34.0 |
| 26-29 | 5 | 10.0 |
| ٣٠ ساڵ زیاتر | 13 | 26.0 |
| Total | 50 | 100.0 |

خشـتەی سـەرەوە تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە، دەرکەوتووە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢١) ســـاڵیدایە بە ڕێژەی (٣٠.٠%) وەڵامیانداوەتەوە. ئەو دەســـتنیشـــانکراوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٢-٢٥) ســـــاڵیدایە بە ڕێژەی(٣٤.٠%) وەڵامیانداوەتەوە. ئەوانەی تەمەنیان (٢٦-٢٩) لە بە ڕێژەی (١٠%) وەڵامیانداوەتەوە. ئەوانەی تەمەنیان لە (30 ســـاڵ زیاترە) بە ڕێژەی(٢٦.٠%) وەڵامیانداوەتەوە. لەم خشـتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی ئەو قوتابییانەی وەڵامیانداوەتەوە تەمەنییان لە نێوان (٢٢-٢٥) ســـاڵیدایە، کە ئەمەش ئاســـاییە، چونکە ئەوە تەمەنی ئاسایی قوتابییانی زانکۆیە.

خشتەی (٢) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز دەخاتەڕوو:

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مێ | 27 | 54.0 |
| نێر | 23 | 46.0 |
| Total | 50 | 100.0 |

خشـــتەی ســـەرەوە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕوونـدەکـاتەوە، دەرکەوتووە کە ئەو دەسـتنیشـانکراوانەی کە ڕەگەزیان مێیە بە ڕێژەی (٥٤.٠٪)ـــە، دەسـتنیشـانکراوان بە ڕێژەی (٤٦.٠٪) ڕەگەزیان نێرە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت لەو ڕاپرســـییە ڕێژەی قوتابییانی مێ لە بەشـــی تەکنیکی میدیا زیاتر بەشـــدارییان کردووە بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، واتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان زۆربەیان ڕەگەزی مێن.

خشتەی ژمارە (٣) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی قۆناغی خوێندن دەخاتەڕوو:

| قۆناغ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەکەم | 7 | 14.0 |
| دووەم | 9 | 18.0 |
| سێیەم | 8 | 16.0 |
| چوارەم | 26 | 52.0 |
| Total | 50 | 100.0 |

خشـتەی سـەرەوە قۆناغی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە، دەرکەوتووە بە ڕێژەی (%١٤.٠) قۆنـاغی یەکەم وەڵامی پرســـیـارەکـانیان داوەتەوە. قۆنـاغی دووەم بە ڕێژەی(١٨.٠٪) وەڵامی پرسـیارەکانیان داوەتەوە. قۆناغی سـێیەم بە ڕێژەی (١٦.٠٪) وەڵامی پرسـیارەکانیان داوەتەوە. قوتابییانی قۆناغی چوارەم بە ڕێژەی (٥٢.٠٪) وەڵامی پرسـیارەکانیان داوەتەوە لەم خشـتەیەدا بۆمـان دەردەکەوێت قۆنـاغی چوارەم زۆرترین ڕێژەن، وەڵامی ئەم ڕاپرســـییەیـان داوەتەوە، ئەوەش دەلالەتە لە ئاسـتی بەرزی ئەکادیمییان کە دوا قۆناغی خوێندنیانە و بەرەو بواری کاری میدیایی هەنگاو دەنێن.

**دووەم- خستنەڕووی ئەنجام و تاوتوێکردنیان:**

دوای گەڕانەوەی ســــەرجەم فۆرمەکان، توێژەر لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ئاماری و ژمێرەییەوە ڕێژەی ســـەدی بۆ هەریەک لە فۆرمەکان دەرهێنا و ئەنجامی ســـەرجەم بڕگەکانی بە شـــێوەی نووسین و خشتە خستۆتەڕوو، دواتر ئەو ئەنجامەی شیکردۆتەوە.

٢: ١- خشتەی (٤) ڕای سامپڵی توێژینەوە سەبارەت بە زیرەکیی دەستکرد نیشاندەدات

| دەستەواژە | | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١.زیرەکیی دەستکرد توانای ئۆتۆماتیک کردنی ئەرکە دووبارەکانی هەیە؟ | Count | 46 | 4 |
| | Table N% | 92.0% | 8.0% |
| ٢.زیرەکیی دەستکرد لە ڕووی کاتەوە توانای پاشەکەوتکردنی هەیە؟ کات کورت دەکاتەوە | Count | 47 | 3 |
| | Table N% | 94.0% | 6.0% |
| ٣.زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت داتای زۆر بە شێوەیەکی خێرا پرۆسێس بکات و شیبکاتەوە؟ | Count | 46 | 4 |
| | Table N% | 92.0% | 8.0% |
| ٤.زیرەکیی دەستکرد تێگەیشتن و بڕیاردانی باشتری هەیە؟ | Count | 26 | 24 |
| | Table N% | 52.0% | 48.0% |
| ٥.زیرەکیی دەستکرد بووەتەهۆی ئاسانکردنی کاری میدیایی | Count | 42 | 8 |
| | Table N% | 84.0% | 16.0% |
| ٦.زیرەکیی دەستکرد ئاسایش و سەلامەتیی هەواڵەکان دەپارێزێت؟ | Count | 25 | 25 |
| | Table N% | 50.0% | 50.0% |
| ٧.دەتوانیت یارمەتیدەر بێت لە ناسینەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست؟ | Count | 31 | 19 |
| | Table N% | 62.0% | 38.0% |

خشـــتەی ســـەرەوە ســـوودەکانی زیرەکیی دەســـتکرد ڕووندەکاتەوە، لە دەســـتەواژەی یەکەمدا زیرەکیی دەستکرد توانای ئۆتۆماتیککردنی ئەرکە دووبارەکانی هەیە؟ ئەو دەستنیشـانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٩٢.٢٠%) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٨.٠%) دێت. زیرەکیی دەســـتکرد لە ڕووی کاتەوە توانای پاشـــەکەوتکردنی هەیە؟ کات کورت دەکاتەوە ئەو دەســـتنیشـــانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٩٤.٠%) دێت،

ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦.٠) دێت، زیرەکیی دەســــتکرد دەتوانێت داتای زۆر و بە شـێوەیەکی خێرا پرۆسـێس بکات و شـیبکاتەوە؟ ئەو دەسـتنیشـانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیـانـداوەتەوە بە ڕێژەی (%٩٢.٠) دێـت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیـانـداوەتەوە بە ڕێژەی (%٨.٠) دێـت، زیرەکیی دەســـتکرد تێگەیشـــتن و بڕیـاردانی بـاشـــتری هەیە؟ ئەو دەسـتنیشـانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٢.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٤٨.٠) دێت. زیرەکیی دەسـتکرد بووەتەهۆی ئاسـانکردنی کاری میدیایی، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٨٤.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٦.٠) دێت. زیرەکیی دەستکرد ئاسایش و سەلامەتیی هەواڵەکان دەپارێزێت؟ ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٠.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٠.٠) دێت. دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ناسینەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست؟ ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٢.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٣٨.٠) دێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زیرەکیی دەســتکرد ســوودی هەیە بە تایبەت لە ڕووی کاتەوە توانای پاشـەکەوتکردنی هەیە و کات کورتدەکاتەوە، هەروەها دەتوانێت داتای زۆر بە شـێوەیەکی خێرا شیبکاتەوە و پۆلێنیانبکات.

خشتەی (٥) ڕاوبۆچوونی سامپلی توێژینەوە سەبارەت بە زیانەکانی زیرەکیی دەستکرد

| لەگەڵیدام | تارادەیەک لەگەڵیدام | لەگەڵیدانیم | | دەستەواژە |
|---|---|---|---|---|
| 25 | 21 | 4 | Count | ١.یەکێک لە زیانەکانی زیرەکیی دەستکرد کەمکردنەوەی دەستی کارە. |
| 50.0% | 42.0% | 8.0% | Table N% | |
| 22 | 16 | 12 | Count | ٢.دڵنیانەبوون لە پاراستنی نهێنی و ئاسایشی داتاکان. |
| 44.0% | 32.0% | 24.0% | Table N% | |
| 30 | 17 | 3 | Count | ٣.کاریگەری دەکاتە سەر متمانەی جەماوەر. |
| 60.0% | 34.0% | 6.0% | Table N% | |
| 29 | 14 | 7 | Count | ٤.بەرپرسیاریتی یاسایی ناکەوێتە ئەستۆ. |
| 58.0% | 28.0% | 14.0% | Table N% | |
| 38 | 7 | 5 | Count | ٥.زیادبوونی هەواڵ وێنە و ڤیدیۆی فەیکی (ناڕاست). |
| 76.0% | 14.0% | 10.0% | Table N% | |
| 28 | 15 | 7 | Count | ٦.دروستبوونی ترس لای میدیاکاران بە لەدەستدانی کارەکانیان. |
| 56.0% | 30.0% | 14.0% | Table N% | |

خشتەی سەرەوە زیانەکانی زیرەکیی دەستکرد ڕووندەکاتەوە، لە دەستەواژەی یەکەمدا، یەکێک لە زیانەکانی زیرەکیی دەستکرد کەمکردنەوەی دەستی کارە، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٨.٠%) دێن، ئەوانەی بە (تارادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٤٢.٠%) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٥٠.٠%) دێن. سەبارەت بە دڵنیانەبوون لە پاراستنی نهێنی و ئاسایشی داتاکان. ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٢٤.٠%) دێن، ئەوانەی بە (تارادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٣٢.٠%) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٤٤.٠%) دێن. سەبارەت بە کاریگەری دەکاتە سەر متمانەی جەماوەر، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٦.٠%) دێن، ئەوانەی بە (تارادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٣٤.٠%) دێن، ئەوانەی بە

(لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٠.٠) دێن. سەبارەت بە بەرپرسیاریێتی یاسایی ناکەوێتە ئەستۆ، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٤.٠) دێن، ئەوانەی بە (تاڕادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٢٨.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٨.٠) دێن. سەبارەت بە زیاد بوونی هەواڵ وێنە و ڤیدیۆی فەیکی (ناڕاست) ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٠.٠) دێن، ئەوانەی بە (تاڕادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٤.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٧٨.٠) دێن. سەبارەت بە دروستبوونی ترس لای میدیاکاران بە لەدەستدانی کارەکانیان. ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٤.٠) دێن، ئەوانەی بە (تاڕادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٣٠.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٦.٠) دێن. لێرەدا بۆمان دەدەکەوێت کە زیرەکیی دەستکرد جگە لەوەی سوودی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا زیانی هەیە لە ڕووی زیادبوونی هەواڵی فەیک و وێنەی ناڕاست و کاریگەریی خستنەسەر متمانەی جەماوەر لەو زانیارییانەی کە دەزگا میدیاییەکان دەیگوازنەوە.

خشتەی (٦) ڕادەی بایەخدانی سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی هەواڵی ناڕاست (فەیک نیوز) لە میدیاکان

| لەگەڵیدام | تاڕادەیەک لەگەڵیدام | لەگەڵیدانیم | | دەستەواژە |
|---|---|---|---|---|
| 37 | 9 | 4 | Count | ١.فەیک نیوز(هەواڵی ناڕاست) بنەما و ئەخلاق و کاری ڕۆژنامەنووسی خستۆتە ژێر پرسیارەوە |
| 74.0% | 18.0% | 8.0% | Table N% | |
| 30 | 15 | 5 | Count | ٢.بەشێک لە میدیاکان زیرەکیی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەکارهێنەران |
| 60.0% | 30.0% | 10.0% | Table N% | |
| 29 | 14 | 7 | Count | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 58.0% | 28.0% | 14.0% | Table N% | ٣.میدیاکان بە بیانووی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەنوسی بە بەکارهێنانی بەڵگەی ساختەهەوڵ دەدەن دەستکاری زانیارییەکان بکەن |
| 31 | 8 | 11 | Count | ٤.سانسۆرو کۆنترۆڵکردنی هەواڵی ناڕاست ئاسان نییە |
| 62.0% | 16.0% | 22.0% | Table N% | |
| 33 | 11 | 6 | Count | ٥.لەکاتێک کە میدیاکان پەنا دەبەنە بەر فەیک نیوز لەپێناو زیادکردنی جەماوەر، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ ناکەن. |
| 66.0% | 22.0% | 12.0% | Table N% | |
| 35 | 7 | 8 | Count | ٦. هەواڵی ناڕاست (فەیک نیوز) هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ڕای گشتی شەقام سەبارەت بەپرسە گشتییەکان |
| 70.0% | 14.0% | 16.0% | Table N% | |
| 33 | 9 | 8 | Count | ٧.بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەی کە فەیکن زیاتر بۆ دەستکەتی مادیی و زۆر بوونی جەماوەری کەناڵەکانە وەک لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان. |
| 66.0% | 18.0% | 16.0% | Table N% | |
| 25 | 16 | 9 | Count | ٨.زۆرێک لە جەماوەری میدیا ناتوانن جیاوازی لە نێوان هەواڵی ڕاست و ناڕاست بکەن. |
| 50.0% | 32.0% | 18.0% | Table N% | |

خشتەی ژمارە (٦) هەواڵی ناڕاست (فەیک نیوز) لە میدیاکان ڕووندەکاتەوە، لە دەستەواژەی یەکەمدا، فەیک نیوز (هەواڵی ناڕاست) بنەما و ئەخلاق و کاری ڕۆژنامەنووسی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٨.٠%) دێن، ئەوانەی بە (تاڕادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (١٨.٠%) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٧٤.٠%) دێن. سەبارەت بەوەی کە بەشێک لە میدیاکان زیرەکیی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەکارهێنەران، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (١٠.٠%) دێن، ئەوانەی بە (تاڕادەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیان داوەتەوە بە ڕێژەی (٣٠.٠%) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٦٠.٠%) دێن. سەبارەت بەوەی کە میدیاکان بە بیانووی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی

ڕۆژنامەنوسـی بە بەکارهێنانی بەڵگەی سـاختە هەوڵدەدەن دەسـتکاریی زانیارییەکان بکەن، ئەو دەسـتنیشـانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٤.٠) دێن، ئەوانەی بە (تـاڕاددەیەک لەگەڵیـدام) وەڵامیـانـداوەتەوە بە ڕێژەی (%٢٨.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیـدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٨.٠) دێن. سـەبارەت بەوەی کە سـانسـۆر و کۆنترۆڵکردنی هەواڵی ناڕاست ئاسان نییە، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بەڕێژەی (%٢٢.٠) دێن، ئەوانەی بە (تـاڕاددەیەک لەگەڵیـدام) وەڵامیـانـداوەتەوە بەڕێژەی (%١٦.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٢.٠) دێن. سـەبارەت بەوەی، کاتێک کە میدیاکان پەنا دەبەنە بەر فەیک نیوز لەپێناو زیادکردنی جەماوەر، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ ناکەن. ئەو دەسـتنیشـانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٢.٠) دێن، ئەوانەی بە (تاڕاددەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٢٢.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٦.٠) دێن. سەبارەت بەوەی کە هەواڵی ناڕاست (فەیک نیوز) هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ڕای گشتیی شەقام سەبارەت بە پرسە گشتییەکان، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٦.٠) دێن، ئەوانەی بە (تـاڕاددەیەک لەگەڵیـدام) وەڵامیـانـداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٤.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیـدام) وەڵامیـانـداوەتەوە بە ڕێژەی (%٧٠.٠) دێن. سـەبارەت بەوەی کە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانەی کە فەیکن زیاتر بۆ دەسـتکەتی مادیی و زۆربوونی جەماوەری کەناڵەکانە وەک لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٦.٠) دێن، ئەوانەی بە (تاڕاددەیەک لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٨.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٦.٠) دێن. سـەبارەت بەوەی کە زۆرێک لە جەماوەری میدیا ناتوانن جیاوازی لە نێوان هەواڵی ڕاسـت و ناڕاسـت بکەن. ئەو دەسـتنیشـانکراوانەی بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%١٨.٠) دێن، ئەوانەی بە (تـاڕاددەیەک لەگەڵیـدام) وەڵامیـانـداوەتەوە بە ڕێژەی (%٣٢.٠) دێن، ئەوانەی بە (لەگەڵیـدام) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٥٠.٠) دێن.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی دەبێت هەواڵی ڕاســت لە هەواڵی ناڕاســت جیابکەینەوە لە میدیاکان، لەبەرئەوەی هەواڵی ناڕاســت بنەما و ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووســی خســتۆتە ژێر پرسـیارەوە، هەروەها هەواڵی ناڕاست هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ڕای گشـتیی شـەقام و سـەبارەت بە پرسـە گشـتییەکان ئاڕاسـتەی جەماوەر دەگۆڕێت بەو شـێوەیەی کە دەزگا میدیاییەکە دەیەوێت، ئەوانە دوو گرنگترین هۆکارن بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە میدیاکان.

خشتەی (٧) بۆچوونی سامپلی توێژینەوەکە دەربارەی هۆکارەکانی باوەڕپێهێنان بە هەواڵی ناڕاست

| هۆکارەکان | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرچاوەکانن | 12 | 24.0 |
| میدیاکارەکانن | 5 | 10.0 |
| کەناڵە جیاوازەکانی میدیا | 14 | 28.0 |
| سۆشیال میدیا | 19 | 38.0 |
| Total | 50 | 100.0 |

خشــتەی ســەرەوە گرنگترین هۆکارەکان بۆ دیاریکردنی ئەو هەواڵانەی فەیکن ڕووندەکاتەوە، ســـەبارەت بە ســـەرچاوەکان دەســـتنیشـــانراوان بە ڕێژەی (%٢٤.٠) پێیانوایە هۆکارە بۆ دیاریکردنی هەواڵ و زانیاریی فەیک، سـەبارەت بە میدیاکارەکان بە ڕێژەی (%١٠.٠) پێیانوایە هۆکارن بۆ باوەڕپێهێنان بە هەواڵە فەیکەکان، سـەبارەت بە کەناڵە جیاوازەکانی میدیا بە ڕێژەی (%٢٨.٠) پێیانوایە هۆکارن بۆ باوەڕپێهێنانی هەواڵی فەیک، هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان سـۆشـیال میدیایە بە ڕێژەی (%٣٨.٠) پێیانوایە هۆکارن بۆ باوەڕپێهێنان بە هەواڵ و زانیاریی فەیک، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگترین هۆکار بریتییە لە ســـۆشـــیاڵ میدیا و کەناڵە جیاوازەکانی میدیا بۆ باوەڕپێهێنان بە هەواڵ و زانیاریی ناڕاست.

خشتەی (٨) ئاشنایەتی سامپلی توێژینەوەکە، دەربارەی هۆکارە جیاجیاکان بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست

| هۆکارەکان | | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١.پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکە. | Count | 32 | 18 |
| | Table N% | 64.0% | 36.0% |
| ٢.پشت بە یەک سەرچاوە نەبەسترێت. | Count | 20 | 30 |
| | Table N% | 40.0% | 60.0% |
| ٣.بەراوردکردنی زانیارییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە. | Count | 13 | 37 |
| | Table N% | 26.0% | 74.0% |
| ٤.بەکارهێنانی ماڵپەڕی پشکنینە ڕاستیەکان. | Count | 10 | 40 |
| | Table N% | 20.0% | 80.0% |
| ٥.شیکردنەوەی ناوەڕۆک. | Count | 17 | 33 |
| | Table N% | 34.0% | 66.0% |
| ٦.بەدواداچون بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە (سێرچ). | Count | 31 | 19 |
| | Table N% | 62.0% | 38.0% |

خشتەی سەرەوە گرنگترین هۆکار و شێواز بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست ڕووندەکاتەوە، لە پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکە. ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٤.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٣٦.٠) دێت. پشت بە یەک سەرچاوە نەبەسترێت. ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٤٠.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٦٠.٠) دێت. لە بەراوردکردنی زانیارییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٢٦.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٧٤.٠) دێت. لە بەکارهێنانی ماڵپەڕی پشکنینە ڕاستییەکان، ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٢٠.٠) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (%٨٠.٠) دێت. لە شیکردنەوەی ناوەڕۆک ئەو دەستنیشانکراوانەی

بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٣٤.٠%) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٦٦.٠%) دێت. لە بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە (سێرچ) ئەو دەستنیشانکراوانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٦٢.٠%) دێت، ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٣٨.٠%) دێت. کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت گرنگترین هۆکار بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست و ئەو هەواڵ و زانیارییانەی فەیکن، بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکە، هەروەها بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە، ئەوانە دوو گرنگترین هۆکارن بۆ ئەو بابەتە.

**ئەنجام**

زیرەکیی دەستکرد لەبەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە لە بوارەکانی میدیا، ڕەنگدانەوەی دەبینرێت لە میدیای کوردیدا، بەڵام بۆ یەکلابوونەوە و ئاشکراکردنی هەواڵی ناڕاست لە هەواڵی ڕاست لە میدیای کوردی-دا وەک پێویست سوودی لێوەرنەگیراوە. لە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەی ئەنجامدرا، وەڵامە بەدەستهاتووەکان ئەوە دەردەخەن کە:

١- بەکارهێنەران و بایەخپێدەرانی زیرەکیی دەستکرد لە ڕووی تەمەنەوە لە نێوان (٢٢تا٢٥) ساڵیدا هاتووە بە ڕێژەی (٣٤،٠%) کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووە.

٢- زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ئاشکراکردنی هەواڵی ڕاست لە هەواڵی ناڕاست بە ڕێژەیی (٦٠%)، هاوکات بە ڕێژەی (٣٨%) ڕایان وایە کە یارمەتیدەر نییە.

٣- کاریگەریی زیرەکیی دەستکرد لەسەر متمانەی جەماوەر بە هەواڵەکان بە ڕێژەی (٦٠%) هاتووە، هاوکات بە ڕێژەی (٥٦،٠%) ڕایان وایە کاریگەریی نییە، بە ڕێژەی (٣٤،٠%) تا ڕادەیەک پێیانوایە کاریگەریی دروستکردووە لەسەر متمانەی جەماوەر.

٤- ڕادەی بایەخدانی سامپلی توێژینەوەکە بەو هەواڵانەی لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە ئامادە دەکرێت لاوازە.

٥- لەگەڵ بوونی ســـــوودەکانی زیرەکیی دەســــتکرد لەبواری میدیا، هاوکات لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت کە زیرەکیی دەستکرد زیانیشی هەیە لە ڕووی زیادبوونی هەواڵی فەیک، دروستکردنی مەترسی لەسەردەستی کاری میدیایی کە دەبێتە جێگرەوەیان.

٦- هۆکاری باوەڕپێهێنان بە هەواڵی ناڕاســـت لای جەماوەر دەگەڕێننەوە بۆ خودی زیرەکیی دەستکرد، وەک سۆشیال میدیا.

٧- زیرەکیی دەســـتکرد بۆتە هۆی دڵنیانەبوون لە پاراســـتنی نهێنی و ئاســـایشـــی داتاکان و شێواندنی ڕاستیی هەواڵەکان.

**- پێشنیاز**

توێژەر چەند پێشـنیازێک دەخاتەڕوو بۆ توێژەرانی دیکە، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی ئەو خاڵە گرنگانەی پەیوەنددارن بە کێشـــەی ئەم توێژینەوەیە کە لێرەدا دەرفەتی باســـکردن و چارەسەرکردنی نەبوو، لەوانە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوە، ســـەبارەت بە ئیتیکی مامەڵەکردنی میدیاکاران لەگەڵ ســـەرچاوەکانی زانیـاری و خودی زانیـارییەکـان و هەواڵ بە تـایبەتی کە لە ڕێگەی زیرەکیی دەســـتکردەوە ئامادەدەکرێت.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە، دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی زیرەکیی دەســـتکرد لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و میدیای کوردی بە گشتی.

٣- پابەندکردنی میدیاکاران بە ڕاهێنان و شارەزابوونی تەکنەلۆژیای نوێ (زیرەکیی دەستکرد).

٤- گرنگیدانی زیاتر بە خوێندنی (زیرەکیی دەستکرد) لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەکادیمی.

**لیستی سەرچاوەکان**

<u>سەرچاوە بە زمانی کوردی:</u>

- فەرمان سالح، (٢٠٠٨)، بنەماکانی نووسینی هەواڵ، سلێمانی، چاپی سەردەم.

– هەژار حەکیم عزیز (٢٠٢٢)، مۆبایل جۆرنالیزم، هەولێر، چاپخانەی کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی.

– هەڵگورد جەلال (٢٠١٧)، تێگەیشـــتنم لە پەیامنێری، چاپخانەی ئارۆ..

سـەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

– ئالان بونيه، الذكاء الاصطناعي، ٢٠٢٠، ترجمة: علي فرغلي، القاهرة، دار الفاروق للنشر.

– د.عبداللهموسى، د.احمد جلال، ٢٠١٩، الذكاء الاصطناعي (ثورة فى تقنياة عصر)، مجموعة العربية للتدريب والنشر، مصر.

– دينيس روثمانل، ٢٠٠٣، الذكاء الاصــطناعي، كيفية تطبيق مفاهيم الذكاء الاصــطناعي على مواقف العالم الحقيقي.

– ماكس تيغمارک، ٢٠٢٢، أن تكون إنسانا في عصر الذكاء الاصطناعي.

رسالة ماجستير ودكتۆرا:

– رســـالة (مى مصــــطفى عبدالرزاق) بعنوان (تقنيات الذكاء الاصــــطناعى فى الإعلام..الواقع والتطورات المستقبلية) 10.21608/EJSC.2022.272038

مجلة الآدابالمجلد ٢٠٢١، العدد ١٣٧ (٣٠ يونيو/حزيران ٢٠٢١)، ص ص. ٧١٧-٧٤٢، ٢٦ص الناشر،جامعة بغداد كلية الآداب https://ejsc.journals.ekb.eg/article_272038.html

– عمرو محمد محمود عبد الحميد، ٢٠٢٠، عنوان البحث (توظيف تطبيقات الذكاء الاصــــطناعي في إنتاج المحتوى الإعلامي وعلاقتها بمصــداقيته لدى الجمهور المصــري) المجلد ٥٥، ٥٥- ج٥، أكتوبر ٢٠٢٠، الصفحة 2797-2860. القاهرة.

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

- M.BERRONDO-OTERMI & A.SARASA-CABEZUELO, 2023, Application of Artificial Intelligence Techniques to Detect Fake News: A Review. *Electronics*، 12**,** 5041.

- M.CHORA, DEMESTICHAS .K. GIEŁCZYK, A. HERRERO ,Á. KSIENIEWICZ,P. REMOUNDOU, K. URDA, D. & WOŹNIAK,M. 2021. Advanced Machine Learning techniques for fake news (online disinformation) detection: A systematic mapping study. *Applied Soft Computing,* 101**,** 107050.

- COLLINS, B. HOANG, D. T., NGUYEN, N. T. & HWANG, D. Fake news types and detection models on social media a state-of-the-art survey. Intelligent Information and Database Systems: 12th Asian Conference, ACIIDS 2020, Phuket, Thailand, March 23–26, 2020, Proceedings 12, 2020. Springer, 562-573.

- EGELHOFER, J. L. & LECHELER, S. 2019. Fake news as a two-dimensional phenomenon: A framework and research agenda. *Annals of the International Communication Association,* 43**,** 97-116.

- LOOS, E. & NIJENHUIS, J. Consuming Fake News: A Matter of Age? The perception of political fake news stories in Facebook ads. Human Aspects of IT for the Aged Population. Technology and Society: 6th International Conference, ITAP 2020, Held as Part of the 22nd HCI International Conference, HCII 2020, Copenhagen, Denmark, July 19–24, 2020, Proceedings, Part III 22, 2020. Springer, 69-88.

- MISHRA, S., SHUKLA, P. & AGARWAL, R. 2022. Analyzing machine learning enabled fake news detection techniques for diversified datasets. *Wireless Communications and Mobile Computing,* 2022**,** 1-18.

- TANDOC JR, E. C., LIM, Z. W. & LING, R. 2018. Defining "fake news" A typology of scholarly definitions. *Digital journalism,* 6**,** 137-153.

- ZHANG, X. & GHORBANI, A. A. 2020. An overview of online fake news: Characterization, detection, and discussion. *Information Processing & Management,* 57**,** 102025.

سایته ئەلکترۆنیەکان

ما هو الذكاء الاصطناعي, »مقدمة لعلم الذكاء الاصطناعي« تأليف مؤسس علم الذكاء الاصطناعي جـون مـكـارثـي ogic and Artificial Intelligence بـقـلـم Richmond Thomasonموسوعة ستانفورد للفلسفة

https://chawga.com/artificial-intelligence-2/محمد شريف، زانكۆی تهران، ایران.

- ^land? On the interpretations, illustrations, and implications of artificial intelligence". B ^Kaplan, Andreas; Haenlein, Michael (2019). "Siri, Siri, in my hand: Who's the fairest in the usiness Horizons–١٥ :٦٢ . .٢٥doi/١٠,١٠١٦:j.bushor.2018.08.004.

- ^McCorduck 2004, pp. 70–72, Crevier 1993 p. 22–25, Russell & Norvig 2003,pp. 2–3 and 948, Haugeland 1985, pp. 6–9, Cordeschi 2002, pp. 170–176. Turing 1950.

- ^McCorduck 2004, pp. 51–57, 80–107, Crevier 1993, pp. 27–32, Russell & Norvig 2003, pp. 15, 940, Moravec 1988, p. 3, Cordeschi, 2002 & Chap. 5.

- ^Newquist 1994 ,pp. 65

- ^Cave, Stephen; Dihal, Kanta (2019)." Hopes and fears for intelligent machines in fiction and reality" .Nature Machine Intelligence :(٢) ١ .(ئینگلیزی) .٧٨–٧٤doi/١٠,١٠٣٨:s42256-019-0020-9 .ISSN-٢٥٢٢ .٥٨٣٩S2CID.١٥٠٧٠٠٩٨١

**الملخص**

تلعب الذكاء الاصطناعي دورًا مهمًا في العديد من المجالات العلمية والاجتماعية، ومنها مجال الإعلام. مع تقدم دور الذكاء الاصطناعي ومشاركته في الإعلام، أصبح من الصعب تجاهل تأثيره. تقنيًا، أحدثت التكنولوجيا الذكية ثورة في هذا المجال، حيث استفاد الإعلام من الأدوات المتطورة التي تعتمد على الذكاء الاصطناعي والواقع الميتافيزيقي. هذه الأدوات ساعدت في تعزيز إنتاج المحتوى الإعلامي وتسريع تطور التكنولوجيا المستخدمة في هذا المجال، مع تأثير ملحوظ على الصناعة الإعلامية.ومع ذلك، لا يمكن استبعاد دور الإنسان، إذ يبقى للإنسان تأثير أساسي على الموضوعات الإعلامية. لكن يمكن تصحيح الأخطاء بفضل الذكاء الاصطناعي، الذي يقدم ابتكارات وحلول لتحسين مصداقية الأخبار الإعلامية. الهدف الرئيسي لهذه الدراسة هو تحديد دور الذكاء الاصطناعي في التفريق بين الأخبار الصحيحة والمضللة على القنوات التلفزيونية في إقليم كردستان. الجانب الأساسي لهذه الدراسة يركز على الذكاء الاصطناعي وتأثيره على محتوى الأخبار التي تبثها القنوات الكردية الفضائية .تعتبر هذه الدراسة من الدراسات الوصفية، حيث اعتمدت على المنهج الاستقصائي. تم جمع البيانات من خلال استبيان إلكتروني وزع على عينة من طلاب قسم الإعلام الفني في الكلية التقنية الإدارية بجامعة بوليتكنيك في أربيل